# سیستەمی پاتریارکی..
# سیستەمی بەمنداڵی حوکمکردنی باوک

زیرەک عەبدوڵلا



**دەسپێک:** پێش ئەوەی بچینە نێو پانتاییەکانی ئەم باسە و بەئاقارەکانیدا شۆڕبینەوە، باشترێکە بڵێین ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لەتوانادابوونی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و دواجار تێگەیشتنی ڕۆح درێژترین و دوورمەوداترین سیستەمی ژیانکردنی مرۆڤ لەمێژووی نوسراو و بەپەرکراوی مرۆڤایەتیدا کە سیستەمی باوکسالاری (پاتریارکی)یە. نەخشەی سەرەکی و گشتی ئەم باسە لەحەوت بەش پێکدێت، لەهەر بەشێکدا هەوڵدەدرێت ئاقارێک لە ئاقارەکان.. ڕەهەندێک لە ڕەهەندە پەیوەستدارەکانی باسەکە بەسەربکرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێت، دواجار بەکۆی بەشەکان تەواوی باسەکە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەری بەڕێز.

بەبۆچوونی من بۆئەوەی لەسیستەمی پاتریارکی(باوکسالاری) بگەین وا پێویست

دەکات پرسیارگەلێک لەبارەی سیستەم خۆی و ئەو ژینگە و واقیعەی لێوەی هاتۆتە بوون و تیایدا بەردەوامی بەخۆی داوە بکەین، لەوانە سیستەمی پاتریارکی (باوکسالاری) چییە؟ مێژووی سەرهەڵدان و هاتنە ئارای بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ هۆکارەکانی هاتنەبوونی چین؟ سروشت و سیماکانی سیستەم چین؟ لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی سیستەم چین؟سەرەنجامی سیستەم بەرەو کوێ دەچێت؟.. ئەمانەو رستێک پرسیاریتری لەمجۆرە بۆ تێگەیشتنی سیستەم پێویستە بکرێن و بخرێنە بەباس و لێکۆڵینەوە. هەر لەسەر ئەم ئەساسەوە هەر بەشێکی ئەم باسە تەرخانە بۆ قسەکردن و لێکدانەوە و بەدواداچوونی هەر پرسیارێک لەم پرسیارانەی پێشەوە، بەمانایەکی تر هەر پرسیارێک لەمانەی سەرەوە تەوەرەی سەرەکی ئیشکردنی منە لەهەر بەشێک لەبەشەکانی ئەم باسەدا، ئەم پرسیارانە شەش بەشی سەرەتایی باسەکە پێک دەهێنن، بەڵام جگە لەمانە بەشی حەوتەم و کۆتایی تەرخانکراوە بۆ ئەنجامگیرییەکی کورت و پوختی باسەکە.

*  *  *

**سیستەمی پاتریارکی (باوکسالاری)چییە؟**

سیستەمی پاتریارکی سیستەمێک و ستایلێکی تایبەتی ژیانکردنی مرۆڤە، لەزەمەنێک لەزەمەنەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە، تیایدا باوک سەروەر و باڵادەست و دەسەڵاتداری پێکهاتە پەیوەستەکەیەتی، لەم سیستەمەدا باوک سەنتەرئاسا بڕیار بەدەستی گەورەیە، مەرجەع و نەخشەدارێژەر و بەڕێوەبەری دنیای پێکهاتەکەیەتی(خێزان ــ کۆمەڵگا)، باوک بەپێی حەز و خواست و تێفکرین و جیهانبینییەکانی خۆی دنیای پێکهاتە پەیوەستەکەی بەڕێوە دەبات و قاڵب ڕێژی دەکات و فۆرمێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، بەشێوەیەکی تر باوک ئامر و ناهی هەمووشت و پرسە گرنگەکانی پێکهاتەکەیەتی و چوارچێوەیەکی بۆ پەیوەندییەکانی ئەندامانی(دایک- کوڕ - کچ ) و چۆنییەتی ژیانکردنیان داناوە لەگشت بوارە جیاجیاکاندا، ئەم سیستەمە ماوەیەکی زەمەنی زۆرە هاتۆتە ئاراوە و تائێستاش لەزۆر شوێندا بوونی هەیە، ئەم سیستەمە لەدروستبوونیدا هۆکار و پاڵنەری تایبەتی هەیە و لەبەردەوامبوون و درێژبوونەوەشی ئامرازی یارمەتیدەری تایبەتی هەیە.

*  *  *

**مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی پاتریارکی**

پێویستە بوترێ کە قسەکردن لەسەر دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی پاتریارکی (باوکسالاری دەسەڵاتگەرا)، قسەکردنە لەسەر شتێکی نادیار و تەمومژاوی، کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بوونێکی واقیعیانە و بەرهەستیانەی هەیە، دەستنیشانکردنی(شوێنکاتی) سەرهەڵدان و هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی ئەگەر لە لایەن هەر مێژوونووسێک و هزرڤانێک و ئەنترۆپۆلۆژیستێکەوە بکرێت، هەمیشە ئەگەری ناتەواوی و ناڕاستی هەیە، بەردەوام دەشێت شوێنی گومانکردن و باوەڕنەکردن و هەڵوەستەبۆکردن و پرسیارلێکردن بێت، ئەمەش چونکە بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی بەتایبەتی سەرەتاکانی هاتنەبوونی مرۆڤ نادیار و نەنووسراوە هەروەکو ئەوەی (داروین)پێی وایە، بۆیە لەئامادەیی مێژوویەکی دووردرێژی نادیارو نەنووسراودا ئەستەمە بڕیاریکی مێژوویانەی سەدەرسەد ڕاست و دروست لەبارەی دەستنیشانکردنی سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنەئارای سیستەمێک و ستایلێکی ژیانکردنی مرۆڤ (پاتریارکی) بدرێت.

بەپێی ئەو پۆلێنانەی کە بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان و ئەنترۆپۆلۆژستان و سۆسیۆلۆژستان کردوویانە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی خێزان و کۆمەڵگا و یەک بەدوای یەک داهاتنی مێژوویانەیان، باوکسالاری وەک سیستەمێک لەدوای سیستەمی دایکسالارییەوە هاتۆتە بوون. (باخۆفن)* لەکتێبی (مافی دایک)، (ماکلێنان)** یش لەتوێژینەوەکانی لە (مێژووی کۆن) و کتێبی (هاوسەرگیری سەرەتایی) هەردووانەیان جەخت لەسەر بوونی سیستەمێکی ژیاری دەکەن کە پێش باوکسالاری بوونی هەبووەو تیایدا پەیوەندی خوێنگەرایی لەڕێگای هێڵی (دایک)ەوە بووە. (١)

هەروەها (مۆرگان)*** و چەند هزرڤان و ئەنترۆپۆلۆژستێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سیستەمی دایکسالاری (ماتریارکی) ئەوەڵین سیستەمی ڕێکخراوی بەڕێوەبردنی خێزانە، ئینجا باوکسالاری (پاتریارکی) لەدوای ئەودا دێت و جێگای دەگرێتەوە.

هەر لەمبارەیەوە (ئەریک فرۆم) دەڵێت: (یەکێک لە قۆناغە سەرنج ڕاکێشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی شۆڕشێکە پێی دەوترێت شۆڕشی بەردینی نوێ، ئەم شۆڕشە (دە) هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە) هەروەها دەڵێت: (لەساڵانی یەکەمی شۆڕشی بەردینی نوێدا (چوار) هەزار ساڵی یەکەم، کۆمەڵگاکان بەئاشتی و ئاسوودەیی ژیانیان دەگوزەراند، لەوە دەچێت لەدێی بچووکدا نیشتەجی بووبن و سیستەمی دایکسالاری تیایاندا باڵادەست بووبێت) (٢). دیسان بۆ زیاتر جەخت کردن لەو پرسە (گێردا لێرنەر)**** دەڵێت: ( بەرلەوەی باوکسالاری لەکۆمەڵگای سۆمەری و ئەکەدی کۆن دروست ببێ، ئافرەتی دەسەڵاتدار هەبوون) (٣). کەتە بەپێی ئەو ڕاوبۆچوون و حوکمدانانەی پێشەوە باوکسالاری دوای دایکسالاری دووەمین سیستەمی ڕێکخراوە لەنێو خێزان و کۆمەڵگا سەریهەڵداوە و بەپێی یاسا و ڕێسا و نۆرم و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانییەوە دنیای پێکهاتە پەیوەستەکەی بەڕێوە بردووە.

ئەگەرچی بوونی یاخود هاتنی سیستەمی ژیانکردنی پاتریارکی لە دوای ماتریارکیدا وەکو فاکتێکی مسۆگەر و حاشا هەڵنەگر پیشاندەدرێت و سەیردەکرێت لە لایەن مێژوونووسان و هزرمەندانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، بەڵام هێشتا شوێنکاتی سەرهەڵدانی سیستەم جێگای باس و لێکۆڵینەوەیە و بەتەواوی یەکلایی نەبۆتەوە.

سەبارەت بەسەرەتایی سەرهەڵدان و هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی (ئەریک فرۆم) دەڵێت: ( سیستەمی باوکسالاری نزیکەی (٣-٤) هەزار ساڵ بەر لەزاین هاتۆتە گۆڕێ) (٤). هەروەها (گێردا لێرنەر) دەڵێت: (سەرەتاکانی دروست بوونی باوکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاین، پرۆسەی ئۆرگانیزەبوونیشی لەهەر کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی کۆن نزیکەی ٥٠٠-٩٠٠ ساڵ پێش زاین گەیشتە ئەوپەڕی خۆی) (٥)، بەپێی قسە و حوکمەکانی هەریەکە لە (فرۆم) و (لێرنەر) مێژووی سەرهەڵدان و هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی دیارو زانراوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم مێژووە دەستنیشانکراو و حوکم لەسەردراوە سەد دەر سەد بەتەواوی ڕاست و دروستە؟ چۆن دڵنیابین لەوەی ئەم مێژووە دیاریکراوە ڕاست و دروستە؟

لەڕاستیدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەبڕیارێکی پێشینە خۆمان بارگاوی کردبێت و یەکڕاست هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر کۆی حوکمی ئەم بیرمەند و مێژوونووس و ئەنترۆپۆلۆژستانە دابهێنرێت و بەهێچ جۆرێک قبوڵنەکرێت و

بەنازانستی و ناڕاست و نادروست لێکبدرێتەوە، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و میتۆدی بۆ بکرێت. ، بەڵام دیسان لەگەڵ ئەوەشدا نیم بەئاسانی ئەم حوکمدانانە و ئەم دەستنیشانکردنانە بەبێ هەڵوەستە بۆکردن و پرسیارلێکردن و خستنە ژێر گومان و رەخنە زانستی و میتۆدیەوە قبوولبکرێت.

* *

* * *

**"هۆکار و پاڵنەرەکانی هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی"**

لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هیچ دیاردەیەک یا رووداوێک نادۆزرێتەوە کە لەساتی هاتنەبوونیدا یا لەڕووداینیدا هۆکارو پاڵنەری یارمەتیدەرو تایبەتی نەبێت، ئەمەش تەواو پەیوەستە بەو واقیعە و بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی دیاردەکە یا رووداوەکەی تیادا روودەدات، ئەمە هاوکێشەی هەر رووداوێک و گۆڕانێک و دیاردەیەکە کە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دروست دەبێت یا دێتەبوون. بێگومان ئەم هاوکێشەیە و ئەم حوکمەی سەرەوە بەسەر سیستەمی پاتریارکیش پراکتیزە دەبێت و سەد دەر سەدیش راستە.

سیستەمی پاتریارکی باوکسالاری دەسەڵاتگەرا وەکو سیستەمێکی ژیانکردنی مرۆڤایەتی کە لەزەمەنێکی مێژوویی سەریهەڵداوە بێ هۆکار و پاڵنەری تایبەتی نەهاتۆتە بوون، هۆکار و پاڵنەرەکانیش جیاجیان و پەیوەستن بەبوارگەلێکی کۆمەڵگا لەوانە(کۆمەڵایەتی - ئابووری - ئیداری - ئایینی - دەروونی - پەروەدەیی - مۆراڵیی ..هتد). کەتە ئەگەر بمانەوێت لەهۆکار و پاڵنەرەکانی هاتنەئارای سیستەمی باوکسالاری بکۆڵینەوە و دەستنیشیان بکەین، ئەوا دەبێت قسە لەبوارە جیاجیاکانی واقیعی ژیاری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بکەین کە سیستەم تیایدا سەریهەڵداوە.

هەروەکو ئەوەی بەشێک لەهزرمەندان و پسپۆران جەختیان لەسەر کردووە و ئاماژەیان پێداوە باوکسالاری دوای دایکسالاری هاتۆتە بوون، کەتە باوکسالاری بەسەر دایکسالاریدا هاتووە و ئینقلابی لەسەرکردووە، مەبەست لەناوی بردووە و جێگای گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت ئێمە بەلایەنی کەمەوە ئاگاداری ئەو واقیعە ژیارییە بین کە تیایدا سیستەمی دایکسالاری بەپێی یاسا و نۆرم و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دوونیاکەی بەڕێوە بردووە.

هەر بەپشت بەستن بەو واقیعە و دەتوانین(بەپێی توانا) بەشێکی هۆکار و پاڵنەرەکانی هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی دەستنیشان بکەین، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتی دەکەمەوە:

١- **لایەنی سیاسی**: واقیعی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی باوکسالاری تیایدا سەریهەڵداوە( هەروەها سەردەمەکانی تریش)، واقیعێکی توند و شەڕانگێزی بووە، بەردەوام رووبەڕووبوونەوەو بەریەککەوتن و پێکدادان لەئارادا بووە، مەنتیقی هێز مەنتیقی زاڵ و باڵادەست بووە، بەمەش بەردەوام بێ هێزەکان بوونەتە نێچیری بەهێزەکان (لەڕووی فیزیکی و جەستەیی)، بۆجیاکردنەوەی خێزان و پاراستن و مانەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام پێویست بەبوونی هێزێکی فیزیکی دەکرد کە ئەمە لە لای ئافرەتدا دەست نەدەکەوت، ئەمەش لەبەر چەندین هۆی سروشتی فیزیۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم هێزە لە لای پیاودا دەست دەکەوت، بۆیە سەنتەرایەتی و سەرکردایەتی خێزان لەدایکەوە بۆ باوک گوازرایەوە.

٢- **لایەنی ئابووری و بەڕێوەبردن**: بارودۆخی ژیان و ئاستی گوزەرانی خێزان لەو سەردەمەدا

زەحمەتە و گران بووە، مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە رۆژانەییەکانی پشتی بەهێزی بازوو بەستاوە، کشتوکاڵکردن و راوکردن دوو پیشەو خوی سەرەکی مرۆڤ بوون کە لەرێگایەوە خۆراک و پێداویستی رۆژانەی پێ دابینکردوون، ئەمانەش راستەوخۆ پێویستییان بەهێزی بازوو بووە، ئەم هێزی بازووەش لە لای پیاودا دەست دەکەوت، جگە لەمانە ئاشکرایە سروشتی جەستەی ئافرەت لەماوەی زەمەنی جیاجیادا تووشی حاڵەتی وادێت کە ناتوانێت بەشداریکردنێکی راستەوخۆ و بەهێز بکات لەپراکتیزەکردنی کار و ئەرکە قورسەکانی رۆژانە بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خێزان، بۆ نموونە حاڵەتی سک کردن (دووگیانی) و عادەبوون.. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تردا بوونی کۆیلە لەنێو خێزاندا وای کرد بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانیان (بەگوێرەی مەبەست) پیاو زیاتر رۆڵ بگێرێت لەنێو خێزاندا هەم بۆ ئیدارەکردنی خێزان و هەمیش بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی رۆژانەی مرۆڤەکان. لێرەوە دەبێت هەم خاڵی یەکەم و هەمیش دووەم ئەوە دیاری دەکەن، کە هۆکارێکی سەرەکی هاتنەئارای سیستەمی باوکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیکردنی رەگەزی (نێر و مێ) لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەم جیاوازییەش کورت کراوەتەوە سەر هێزی جەستەیی و فیزیکی.

**٣- لایەنی ئایینی:** ئایین بەرۆڵی خۆیدا هۆکارێک و پاڵنەرێکی زۆر کاریگەرە لەسەر بەسەنتەربوونی باوک و هاتنەئارای سیستەمی باوکسالاریی، بەڵام چۆن؟ ئاشکرایە لەنێو سیستەمی دایکسالاریدا تەنها باوانێکی منداڵ کە ناسرابێت دایکە، منداڵ لەرێگای خوێنگەرایی دایکەوە دەناسرایەوە، بەمە دایک گەیشتبووە ئاستی سەروەری و باڵادەستی تەواو و حوکمی تەواوی (جینیکۆکراتی)(genecocratie). لەم سیستەمەدا ژن فرەمێردی(polyandry)(شوکردن و هاوسەرێتی کردنی ژنێک لەگەڵ چەند پیاوێک لەیەککاتدا) هەبوو، ئەمە وایکردبوو باوکی منداڵ نەناسرێت، ئەمەش هەروەکو ئەوەی (باهۆفن) لەکتێبی(مافی دایک)دا دەڵێت ئایینی ئەو کاتە(بەتایبەتی لەسەردەمی ئەغریقیەکاندا) قبوڵی نەکردووە، بۆیە دەبێت تەنها یەک مێردی هەبێت، گواستنەوەی ئافرەت لە فرەهاوسەری بۆ تاکهاوسەریی (monogramy) لەژێر کاریگەریی ئایینیی ئەو کاتەدا بوو، بەمەش منداڵ هەر دووانەی باوانی ناسی، لێرەوە ئیدی لەرێگای خوێنگەرایی باوکیشەوە دەناسرا.

فکر و بیروباوەڕی ئایینی ئەو سەردەمە رێگا خۆشکار و کاریگەربوو بۆ دوورکردنەوەی ژن لە فرەمێردی و مەشاعیەتی سێکس(heterisme)، هەروەها کاریگەربوو لەدروستبوونی خێزانی رێکخراوو دیاریکراو، ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی، ئینجا لەگەڵیدا هۆکار و پاڵنەرەکانی تریش سیستەمەکە زیاتر دەچەسپێنن.

**٤- لایەنی دەروونی:** بەبۆچوونی من هاتنی سیستەمی پاتریارکی رەگێکی لە لایەنی سایکۆلۆژییەوە هەڵقولاوەو پەیوەندی بەرقوکینە و تۆڵەسەندنەوەی باوک هەبووە لەدەسەڵاتی دایک لەنێو سیستەمی دایکسالاریدا، چونکە پیاو لەسیستەمی دایکسالاریدا پێی وابووە بێدەسەڵات و بێکەڵکە و پەراوێزکراوە لەنێو خێزاندا(٦).

دوای ئەوەی بەشێک لەهۆکار و پاڵنەرەکانی سیستەمی پاتریارکیمان خستەڕوو، ئێستا شوێنی خۆیەتی بپرسین بۆچی سیستەمی ناوبراو ئەو ماوە زەمەنییە دوورودرێژە(لە ساتی سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئێستا) بەردەوامی بەخۆی داوە و ئێستاش لەنێو زۆرێک لەکۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بوونێکی

واقیعییانە و بەرهەستیانەی هەیە؟ چۆن سیستەم توانیویەتی لەو ماوە زەمەنییە دوورودرێژەدا بەردەوامی بەخۆی بدات؟دیسان لەمانەوە و بەردەوامبووندا چ شتێک پاڵپشت و یارمەتیدەری سیستەم بووە؟

کاتێک سیستەمی پاتریارکی هاتەئاراوە، ئەوا بەپلەی یەکەم جیاوازی رەگەزی (لەڕووی هێزی جەستەیی و فیزیکی) لەنێوان پیاو و ئافرەت رۆڵی تیاگێڕاوە، ئینجا لەپاڵیدا هۆکارەکانی تر، ئەم جیاوازیکردنەش راستەوخۆ بەستراوەتەوە بەبالادەستی رەگەزێک بەسەر ئەویتردا و سەرەنجام بەڕێوەبردنی خێزان لە لایەن رەگەزێک (پیاو)، کەتە سەرەتای شەرعییەتدان بەهاتنەئارای ئەم سیستەمە و چەسپاندنی لەسەر زەمینەی واقیعدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیکردنی رەگەزی لەڕووی هێزی جەستەییەوە، هەر ئەمەش هۆکارێکی زۆر کاریگەر و بەرچاوی مانەوە و رۆح درێژبوونەوەی ئەم سیستەمەیە، ئەمە لە لایەک کەچی لە لایەکی تردا بوونی فکر پاڵپشتی زیاتر چەسپاندنی ئەم سیستەمە و بالادەستی و بەتوانای پیاوی کردووە، بەمانایەکی تر فکر(چ فکری نوسراوی مرۆڤکرد - چ فکری نێردراوی خواکرد) دێت زیاتر شەرعییەت و زەرورەت بەبوون و مانەوە و چەسپاندنی سیستەم دەبەخشێت.

لەمێژووی بەپەرکراوی هزری مرۆڤایەتیدا زۆر لەهزرڤانان و فەیلەسووفان جەختیان لەسەر بەتوانایی و بالادەستی پیاو بەسەر ئافرەت کردووە، لەوانە (ئەرستۆ - جۆن لۆک - فرۆید - ..هتد)، بەمەش شەرعیەتیان بەزەروورەتی بوون و مانەوەی ئەم سیستەمە داوە، (جۆن لۆک)ی بیرمەند و فەیلەسووف پێی وایە(توانای پیاو و ژن جیاوازە، سەرەڕای ئەوەی لەکاری خێزانیدا خەم و ئەرکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام پیاو بەتواناتر و بەهێزترە)(٧)، لێرەدا دەبینین(لۆک)چۆن جیاوازی خستۆتە نێو رێزەکانی رەگەزی مرۆڤایەتی و جیاوازیەکەشی لەسەر بنەمای هێزی جەستەیی و فیزیکی خستۆتەڕوو، ئینجا لەگەڵیشیدا حوکمی ئەوە دەدات کە پیاو لەئافرەت بەهێزتر و بەتواناترە.

لەگەڵ ئەوەی (لۆک) لەسەر جیاوازی هێزی جەستەیی قسە دەکات و هەوڵدەدات لەم لایەنەوە جیاوازی لەنێوان رەگەزی مرۆڤایەتی بکات، بەڵام هەر بەوەندە ناوەستێت و جیاوازییەکە قووڵتر دەکات و دەچێتە سەر لایەنی عەقڵی، ئەو پێی وایە( ژن و پیاو لەمەسەلەی تێگەیشتن و درک پێکردندا جیاوازن، تێگەیشتن و درک پێکردنی پیاو وردتر و سەرتاپاگیرترە لەئافرەت )(٨)، لێرەوە دەبینین (لۆک)ی هزرڤان لەشەڕێکی دەستەو یەخەدایە بۆ بەسەنتەرکردن و زاڵکردنی رەگەزی نێر بەسەر مێدا، لەبەرامبەریشدا بۆ بەپەراوێزکردن و دەستەمۆکردنی رەگەزی مێ لەبەرامبەر نێردا. (لۆک) بەم جیاوازیکردنە جەستەیی و عەقڵییەی نێوان نێر و مێ دەیەوێت شەرعییەت بدات بەوەی ژن ملکەچ و ژێردەست و پاشکۆی پیاو بێت و لەبەرامبەریشدا پیاو رۆڵی پێچەوانە بگێڕێت، هەر بۆیە دەبینین بڕیاری ئەوە دەدات و دەڵێت (ئافرەت بۆ ئەوە دروست بوون تا پاشکۆ و ملکەچی پیاوبن، هەروەکو چۆن بەبێ پیاو ناتوانن منداڵیان ببێت، ئاواش بەبێ پیاو ناتوانن پەروەردەیان بکەن)(٩)، بەمجۆرە تێفکرین و حوکمدانانەی پێشەوە تێدەگەین (لۆک)ی هزرڤان چۆن مەبەستی بووە رەگەزی نێر بەسەر مێدا زاڵ بکات، چۆن مەبەستی بووە سیستەمی پاتریارکی بوونی هەبێت و مانەوەشی بەزەروور دابنێ.

هەر لەسەر ئەم پاڵپشتیکردنەی بیرمەندان بۆ ئەم سیستەمە و شەرعیەتدان پێی و بالادەستی پیاو بەسەر ئافرەت(ئەرستۆ)ی فەیلەسووف رۆڵێکی

کاریگەر دەگێڕێت، لە لای (ئەرستۆ)ی فەیلەسووف (خێزان پێکدێت لە پیاو و ژن و منداڵ و کۆیلە، پیاو سەرۆک و سەروەری خێزانە، بڕیارو فەرمانەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی پیاو بەوە جیادەکرێتەوە کە خاوەنی عەقڵێکی باش و پتەوە لە بۆچووندا، بەڵام ئافرەت ئەم عەقڵەی نییە و کارکردی تەنها چاودێریکردنی منداڵ وماڵە)(١٠)، لێرەوە دەبینین(ئەرستۆ) پیاو لەئافرەت بەعاقڵتر و کامڵتر تێدەگات و هەر بەم شێوەیەش دەیشوبهێنێت، هەربۆیە پێیوایە دەبێت پیاو سەرۆک و سەروەری خێزان بێت و لەبەڕێوەبردنیشدا بڕیار و ئەمر و نەهییەکان بۆ ئەو بگەڕێتەوە، کەتە (ئەرستۆ) شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز بۆ ئافرەت دانانێت و پێی وایە تەنها کارکرد(وەزیفە) بۆ ئەو گونجاو بێت چاودێری کردنی منداڵ و ماڵە.

ئەگەرچی (ئەرستۆ) و فەیلەسووف ئافرەت بەبوونەوەرێکی ناکامڵ و ناعاقڵ تێدەگات، بەڵام هەر بەوەندەش ناوەستێت، بەڵکو پێدادەگرێتە سەر ئەوەی ئافرەت خراپەکار و تێکدەرە، ئەگەر بواری بدرێت ئازادییەکی تەواوی هەبێت ئەوا شیرازەی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی مرۆڤەکان و ڕێکخستنە سیستەماتیکیەکانی تێکوپێکدەدات، هەر وەیە دەڵێت:(نابێت ئازادی بدرێتە ئافرەت، چونکە لەکۆمەڵگای ئەسپارتەدا ژن لەرادەی خۆی زیاتر ئازادی پێدرابوو، بۆیە ئەمە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دارمانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە)(١١). دوای ئەوەی (ئەرستۆ) گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی پیاو لە ئافرەت عاقڵتر و کامڵترە، هەروەها ئەوەی ئافرەت ئەگەر ئازادی پێ بدرێت خراپەکار و تێکدەرە، ئەوا دەگاتە ئەو باوەڕەی سەرکردایەتیکردن بەسروشتی خۆی بۆ پیاو بێت باشترە نەوەکو بۆ ئافرەت، هەر بۆیەشە دەڵێت:(سروشتییە پیاو فرمان دەربکات و ژنیش ملکەچ بێت، چونکە ڕەگەزی نێرینە لەمێینە باشترە بۆ سەرکردایەتیکردن)، لێرەوە لە تێڕوانینەکانی (ئەرستۆ) هەروەکو ئەوەی (لۆک) باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا بەشتێکی سرووشتی دادەنرێت.

جگە لەئەم دوو هزرڤان و فەیلەسووفەی سەرەوە چەندین هزرڤان و پسپۆری تر هەن لەتێفکرین و راوبۆچوونەکانیان پاڵپشتیەک بەدیدەکرێت یاخود شەرعیەت دەدرێت بەبوون و مانەوەی ئەم سیستەمە، بۆ نموونە زانای دەروونشیکاری بەناوبانگ (فرۆید) کە لەسەر زاری (ئەریک فرۆمدا) دەڵێت: (ویژدانی ئافرەت لە هی پیاو لاوازترە)(١٢)، بەپێی لێکدانەوەکانی (فرۆید) لە تیۆرەی دەروونشیکاریدا بۆ پۆلێنکردنی کەسایەتی مرۆڤ، سێ جۆرە کەسایەتی هەیە (ئەو- من - بەرزە من)، ئەمانەش هەریەکێکیان سیفات و خەسڵەتی خۆی هەیە، ویژدان لەنێو بەرزە مندا ئامادەییەکی زۆر کاریگەری هەیە، نمونەی ئەم کەسایەتیەش یاخود یەکێک لەخەسڵەتەکانی بوونی ویژدانێکی تەواو پێگەیشتووە، بوونی ویژدانی تەواو لەکەسێک واتا ئەو کەسە دەتوانێت لەیەک کاتدا هەم خۆی و هەمیش ئەوانی تری دەوروبەر کۆنترۆڵبکات و ئاگاداریان بێت لەنەهێشتنی لادان و زەبتکردنیان، کەتە ئەم کەسە بۆ ئیدارەکردن و سەرکردایەتیکردن گونجاوە و سەرکردایەتیکردنیشی شتێکی عەقلانی و لۆژیکییە، بەبۆچوونی من کاتێک (فرۆید) لەسەر زاری (ئەریک فرۆم) ویژدانی بەهێز بەپیاو دەبەخشێت ئەوا گەرەکیەتی بڵێت پیاو بۆ سەرکردایەتیکردن و ئیدارەکردنی خێزان و کۆمەڵگا سەرکەوتووە و دەست دەدات، بەڵام کاتێک ئافرەت لەویژدانی کامڵ بێبەری دەکات ئەوا گەرەکیەتی بڵێت ئافرەت بۆ سەرکردایەتیکردن و ئیدارەکردنی خێزان و کۆمەڵگا ناسەرکەتووە و دەست نادات،

بەمەش دەبینین (فرۆید) چۆن جیاوازی دەکات و چۆنیش پاڵپشتی سیستەمی پاتریارکی دەکات و شەرعیەت بەبوون و مانەوەی دەدات.

هەر وەکو ئەوەی ئاماژەمان بۆکرد هەر بەتەنیا فکری بەشەری پاڵپشتی ئەم سیستەمەی نەکردووە و ناکات، بەڵکو لەگەڵیدا فکری نێردراوی ئیلاهیش لەرێگای تێکستە ئایینییەکانەوە ئەم ئەرک و رۆڵەی گێڕاوە و دەگێڕێت، مەبەست ئایدیای نێردراوی نێو تێکستە ئایینییەکان یارمەتیدەری بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی ئەم سیستەمەی کردووە و دەکات، بەڵام چۆن ئەمە بسەلمێنین؟

بەڵگەنەویستە هەر لەزەمەنێکی زوو و نادیاری ژیانی مرۆڤایەتیەوە تاوەکو ئێستا ئایین بەشێک بووە لەخواستی گەورەی ئینسان، مرۆڤ بەردەوام پێویستی پێی هەبووە و وەکو مەرجەعێک مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و بەکاریهێناوە، گەرەکی بووە مانایەک بەژیان و کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و رووداوە مرۆییی و بان مرۆییەکان ببەخشێت.

لەبەرئەوەی مرۆڤ بەپێی یاسا و رێسا و حوکمەکانی ئایین هەڵسوکەوت و مامەڵەی کردووە، بۆیە ئایین کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر چۆنییەتی تێفکرین و دنیابینی مرۆڤ، هەروەها لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دنیا پەیوەستەکەی، ئەمەش(ئەگەر سەرنج بدەین) زۆر بەروونی لەنێو کەتواری ژیاندا رەنگیداوەتەوە.

ئایدیای ئایینی فاکتەرێکی زۆر کاریگەری دروستبوون و بەردەوامبوونی سیستەمی پاتریارکییە، لەنێو تێکستی ئایینیدا بەئاشکرا پاڵپشتی لە بوون و مانەوە و رۆح درێژبوونەوەی ئەم سیستەمە دەکرێت، دەشێت پاڵپشتی کردنی ئایین لە ریوایەتکردنی ئەوەڵین چیرۆکی ئایینی تایبەت و بەمرۆڤ کە لەنێوان ئادەم و حەوا بەرجەستە بووە بەدیبکرێت، کاتێک دەڵێت تاوەکو حەوا نەهات ئادەم هەڵەی نەکرد، ئەم ریوایەتکردنەش هەوڵێکە بۆ پێشاندانی ئەوەڵین هەڵە و خراپەکاری مرۆڤ، دەڵێت مرۆڤ بەنزیککەوتنەوەی لە بووی حەرامکراو خەتای کردووە بۆیەشە لەبەهەشت دەرکراوە، ئەم خەتاکردنەش لەئەستۆی ئافرەت (حەوا) دایە.

ئەم ریوایەتکردنە دەیەوێت بڵێت یەکەمین هەڵە مرۆڤ کردبێتی هۆکارەکەی ئافرەت بووە، واتا ئافرەت بۆتە هۆی بواردان بەنزیک کەوتنەوەی ئیبلیس لەمرۆڤ، ئافرەت بۆتە هۆی ئەوەی شەیتان بێتە ناوەوەی بۆدی مرۆڤ و ببێتە بەشێک لێیەوە، هەر بۆیەش ئافرەت خراپەکارە و دەبێت ئاگاداری بکرێت و لەگەڵیشیدا نابێت دەسەڵاتی هەبێت، چونکە لەدەسەڵات بوونیدا تێکدەر و خراپەکار دەبێت، بۆیە چاکترە ژێر دەستە و ملکەچ و پاسیف بکرێت.

ئایین بۆئەوەی ئەم ئامانجە بپێکێت و لەکەتواردا بەرجەستەی بکات دێت ئافرەت بەبێ هێز پیشاندەدات و پیاویش بەبەهێز، ئەمەش بۆ ئەوەی دەسەڵات نەگرێتە دەست و پاسیف بکرێت. ئەوەتا لەئاخیرەمین تێکستی نێردراوی ئایینیدا (قورئان) دەنووسرێت ( الرجال قوامون علی النساء و بما فضل بعضهم علی بعض..الخ ).

ئەگەر هەڵوەستەیەکی کورت لەبەردەم ئەم ئایەتەدا بکەین، ئەوا ئەوە بەدیدەکەین چۆن فکری ئایینی گەرەکیەتی ئافرەت بێ هێز و بێ دەسەڵات بکات و لەبەرامبەریشدا پیاو بەهێز و خاوەن دەسەڵات.. چۆن گەرەکیەتی ئافرەت ملکەچ پێبکات و بەتەواوی بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی پیاوەوە.

جگە لەم ئایەتەی سەرەوە ئەگەر بەووردی سەرنجی تێکستی قورئان بدەین ئەوا چەندین ئایەتی تر دەدۆزینەوە کە پاڵپشتی لەسیستەمی

پاتریارکی دەکـات، بۆنموونە (شـانسی نێـرێک هێندەی شانسی دوو مێیە)، یاخود (دوو ئافرەت بەشاهێدێک دەچن)..هتد، ئەم ئایەتانە بەئاشکرا ناتەواوی و ناکـامـڵی ئافـرەت پیـشـاندەدەن لەبەرامبـەر تەواوی و کـامـڵی پیـاو، بەئاشکرا هەوڵی بەکـەم نمایشکردنی ئافـرەت و بەبەها نمایشکردنی پیـاو دەدەن، ئەمـەش زۆر کـاریگەرە لەدروسـتکردنی وێنایەکی ناکـامڵ و ناتەواوی ئافرەت لەنەخشەی زەینی پیاودا، بەم ئایەتانەی سـەرەوە ئەوە دەسـەلمێندرێت کـە فکری نێـردراوی ئیلاهیش پاڵپـشـتیکارێکی کـاریگەری بەردەوام بوون و مـانەوەی ئەم سیـسـتـەمـەیە.

بەپێی تێڕوانینی (لۆک) و (ئەرسـتۆ)، هەروەها بەپێی حوکم و شوبهاندنەکانی ئایین، باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەت شتێکی سروشتییە و دەبێت وابێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا شتێکی سروشتییە یاخود مـرۆڤکردە؟ بەپێی لێکدانەوە و تێگەیشـتنی سۆفیستەکان مرۆڤ لەدوو ئاستدا سەیردەکرێت، یەکـێکیـان ئاسـتی سـروشـتی و ئەویتـریش کـولتـووری، بەمـانایەکی تر مـرۆڤ دوو نیـوەیە، بەکـۆی هەر دووانەیان بووێکی سـەر گـۆڕەپانی ژیانە، ئاسـتی سـروشـتی پەیوەسـتـە بەیاسـا سروشتییەکانی بوونی مرۆڤ، لەمەدا مرۆڤەکان یەکسانن و جیاوازیان نییە، هیچ یەکێک لەوانیتر گـرنگتـر و بەرزتر و سـودمـەندتر نیـیـە، بەپێچەوانەشەوە هیچ یەکێک لەبەرامبەر ئەوانی تر ناگـرنگتـر و لەژێرتر و ناسوودمـەندتر نیـیـە هەروەکـو ئەوەی (ئەنتـیـفـۆن) دەڵێت: (ئێـمـە هەمـوومـان لە لایەنی سروشـتـییـەوە بەیەکـسـانی دروستکراوین)(١٤)، لەئاستی دووەمیدا مرۆڤ بووێکی کـولتـوورییـە، لەم ئاسـتـەدا تێـفکرین و جیهانبینی و توانستی مرۆڤ دەبێتە هۆی دانانی هەمـوو ئەو یاسـا و رێسـا و نۆرم و ئەخـلاقـانەی ژیانی رۆژانەی خۆی پێدەکات.

ئاسـتی یەکـەم ئاسـتـێکی بان مـرۆڤـیـە و لەئامـادەبوونیـدا مـرۆڤ هیچ رۆڵێک ناگـێـرێت و نابێـتـە بابەتی گـۆڕانکاری هێن، کـەچی ئاسـتی دووەم ئاسـتێکی دروستکراوی مـرۆڤە و هەمیـشـە ئامـادەی گـۆڕان و هێنانەئارای جـۆر و شـێـواز و وێنەی تری هەیە، ئەمـەش بەهۆی رەخـسـاندنی بارودۆخ و ژینگەی پێویست.

سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکی کولتوورییە، سیستەمێکە پەیوەندی بەتێفکرین و جیهانبینی و توانستی مرۆڤ هەیە، پەیوەندی بەیاسا و رێسا و نۆرم و ئەخلاقی مرۆڤ هەیە لەژیان.

سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکی مرۆڤکردە نەوەکو سروشتکرد، ئەوە مرۆڤە هەوڵدەدات لایەنی سـروشـتی بکاتە هۆکـارێک و ئامـرازێکی دروستبوونی ئەم سیستەمە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە لایەنی سـروشـتی نییـە ئەم سیـسـتـەمـە دروست دەکات، بەڵکو لایەنی کولتووری و فکری مرۆڤە ئەم رۆڵە دەگێڕێت.

* * *

**سروشت و سیماکانی سیستەمی پاتریارکی**

سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکە سروشت و سـیـمـاگـەلێکی تایبـەتی خـۆی هەیە، ئێـمـە هەوڵدەدەین (بەپێی توانا) لەم خـاڵانەی خـوارەوە بیانخەینەڕوو..

١- وەکـو ئەوەی لەپێـشـەوە ئامـاژەمـان بۆ کـرد یەکـێک لەهۆکـار و فـاکـتـەرە یارمـەتیـدەرەکـانی دروستبوونی سیستەمی پاتریارکی (پیاوسالاری دەسەڵاتگەرا) جیاوازیکردن بووە لەنێوان رەگەزی مرۆڤایەتی، ئەمەش لە لایەنی جەستەیی و هێزی جەستەییەوە، کەتە سیستەمی پاتریارکی مەنتیقی خۆی لەهێزی جەسـتـە وەرگرتووە، بەمـەش لەنێـو رەگـەزی مـرۆڤـایەتیـدا جـیـاوازی کـردووە، واتا سەنتەر و پەراوێز.. پلە یەک و پلە دوو.. گرنگ و

ناگرنگ.. سپی و رەش.. دەسەڵاتدار و ملکەچ.. دروست کـردووە، ئەمـەش بەسـروشـتی خـۆی پەڕیوەتەوە سەر ئەرک و مـاف، لەم سیـستـەمـەدا پیـاو بەردەوام رۆڵ و مـافی زیاترە لە ژن، پیـاو چوارچێـوەیەکی تەسکی بۆ ئیـشکردن و رۆڵی ژن جیهێشتـووە، هەروەها مافێکی کەمیشی پێداوە، بەمـەش دەتوانین بڵـێین سیـسـتـەمی پاتریارکی سیستەمێکی نایەکسان و نادادپەروەرە.

٢- لەم سیستەمەدا پیاو سەنتەر و مەرجەع و بڕیار بەدەسـتی باڵایە، لەهەمـوو پرسـەکـانی پەیوەست بەخـێـزان چ لەناوەوەی خـێـزان و چ لەدەرەوەی خێزان دەبێت شتەکان بەپێی خواست و ویستی ئەو بەڕێوەبچێت، پیاو بواری ئیشکردنی فراوانە، ئەم بوار فراوانییەی پیاو بۆ رۆڵ گێڕان و ئیشکردن دواجار ئەم مەرجەع و سەنتەرایەتییەی نوێ دەکـاتەوە، بەپێـچـەوانەشـەوە مـەرجـەع و سـەنتـەرایەتی بواری ئیـشکردن و رۆڵ گـێـڕان بەفراوانی دەهێڵنەوە لەبەردەمی پیاودا، کەتە هەر دووانەی دەسـەڵاتدارێتی پیـاو بەسـەر خـێـزان لە لایەک و بوار فـراوانی ئیـشـکردن لە لایەکی تر تەواو پەیوەستن بەیەکتر و پشتگیری یەکتر دەکەن. لەبەرامبەریشدا ئافرەت تەنها سێ رۆڵ دەگێڕێت، ئەوانیش:

**یەکەم**: کەیبانووی نێو ماڵ و چاودێری کردنی.

**دووەم**: ئامـرازێک بۆ دامـرکـاندنەوەی حـەزە غەریزەییەکانی(سێکس) پیـاو و لەپشتـیـەوەش منداڵ بوون.

**سێیەم**: پەروەردەکردنی منداڵ لەنێو خێزان.

٣- سیستەمی پاتریارکی، سیستەمێکی ئیرادە کـوژە، ئیش لەسـەر چەپاندنی حـەز و ئارەزووی مـێـینەو منداڵ دەکـات، ئیش لەسـەر خنکاندنی دەنگی مـرۆڤی بەحـەز و بەئیـرادەی نێـو خـێـزان دەکـات، باوک بڕیار دەردەکـات ئەوانی تریش لەسەریانە پراکتیزەی بکەن بەبێ هەڵوەستەکردن و پرسیـارکردن و گفتـوگۆکردن، لەم سیستـەمەدا باو ئەوانی تری نێـو خـێـزان (ژن و منداڵەکـان) بەکەلوپەل و مومتەلەکاتی خۆی دەبینێت، هەر بۆیە بەوشـێـوەیە مـامـەڵە و هەڵسـوکـەوتیـان لەگـەڵ دەکات.. بەو شێوەیە حوکمیان دەکات و بەکاریان دەهێنێت کە خۆی دەیەوێت.

٤- ئەم سیستـەمە وەکو هەر سیستـەمێکی تر لەهەوڵی خـۆبەرهەمـهـێنانەوەیە، لەهەوڵی رۆح درێژکردنەوەی خۆیەتی، بۆ ئەمەش چاودێریکردن و ئامرازی کۆنترۆڵکردن بەکاردەهێنێت، سیستـەمی پیاوسالاری ئامرازی کۆنترۆڵکردنی خۆی هەیە و ئەمـەشی لەسـەرچاوە و ژێدەری جیـاجـیـای وەرگرتووە.

٥- پیـاو لەم سیـسـتـەمـەدا هەمی گـەورەی پاراسـتنی دەسـەڵاتەکـەیەتی، هەمی گـەورەی قـایمکردنی شـوێن پێـیـەتی، دەخـوازێت ژیان بەو شێوەیە بڕوات کە خۆی چوارچێوەی بۆ داتاشیوە و پەیوەندییـەکـانی رێکخـسـتـووە و سنووری بۆ کێشاوە، پیاو لادان لەو یاسا و رێسا و لەو جۆرە سیستەم و ژیانکردنەی گەرەکیەتی قبوڵ ناکات، بۆ ئەمەش لەبەرامبەر لادەرەکان دەوەستێت و بواریان نادات گـۆڕان بێننە ئاراوە، واتا رووبەڕووی ئەوانە دەبنەوە کـە دەیانەوێت گـۆڕان دروست بکەن، بۆ رووبەڕووبوونەوەش رێگا و شـێـوازی جیـاواز دەگـرێـتـەبەر، جـۆری روودانەکـە جـۆری رووبەڕووبوونەوەکـە دیاری دەکـات، ئەمـەش دەوەسـتـێـتـە سـەر شـوێنکات وکـەس و جـۆری لادانەکـە، لادانی کـەم و سـادە و سـەرەتایی ئەوا لەڕێگای زمـان رووبەڕووی دەبێـتـەوە، واتا زمـان وەکو ئامرازی زەبتکردن بەکار دەهێنرێت لەبەرامبەر لادانە کـەم و سـەرەتاییـەکـان، بەڵام لادانی زۆر و دەستکاریکردنی تاپۆ و شتی حەرام ئەوا لەڕێگای جـووڵە و بەریەککەوتنی جەسـتـەیی رووبەڕووی دەبێـتـەوە، واتا لێـرەدا لێـدانی جەسـتـەیی وەکو

ئامرازی جەستەیی بەکاردەهێنرێت.(١٥)

لە سیستەمی پاتریارکیدا هەندێکجار رووبەڕووبوونەوەی لادان لەسەر شێوازی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانە، بەڵام زۆرترین جار رووبەڕووبوونەوەی لادان لەسەر شێوازی جووڵە و بەریەککەوتنی جەستەیە، سزای لادانی کەسی لادەر سزایەکی جەستەییە، سزایەکی عورفیانەیە، ئەمەش بەپێی ئەو یاسا و عورف و نەریتە باوانەی لەنێو کۆمەڵگاکەدا هەیە، هەروەکو ئەوەی (فۆکۆ) دەڵێت:(بەر لەمۆدێرنە دەسەڵات لەسەر سزادان و تێکشکاندنی جەستە کاریکردووە، دوای مۆدێرنەش لەسەر دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی جەستە کاریکردووە).(١٦)

بەپێی ئەم قسەیەی (فۆکۆ) پێش مۆدێرنە دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و ئەندامانی کۆمەڵگا ئیش لەسەر جەستە دەکات و دەیەوێت لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی جەستەوە مرۆڤەکان دەستەمۆ بکات. لەو کاتەی (فۆکۆ) جەستە بەشوێنی کارکردنی دەسەڵات دادەنێت، ئەوا بۆچوونێکی تر هەیە جەستە بەشوێنی کارکردنی دەسەڵات دانانێت، بەڵکو دنیای ناوەوەی مرۆڤ(سایکۆلۆژیا ) بەشوێنی کارکردنی دەسەڵات دادەنێت بۆکۆنترۆڵکردنی مرۆڤ.ئەویش بۆچوونی (بۆردیۆ)یە کاتێک دەڵێت:(دەسەڵات جەستە بەشوێنی سەرەکی کارکردنی خۆی دانانێت، بەڵکو دەخوازێت دنیای رۆحی و سایکۆلۆژیای ناوەکی ئینسان بەستراتیژەکانی خۆی رەنگ رێژ بکات).(١٧)لێرەوە ئەگەر دەسەڵات لەنێو سیستەمی پاتریارکیدا لەڕێگای جووڵە و بەریەککەوتنی جەستەیی ئیش لەسەر دنیای دەرەوەی جەستەبکات بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو ئەوەی (فۆکۆ)، ئەوا لەڕێگای زمانیش ئیشی ناوەوەی جەستە دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو ئەوەی (بۆردیۆ)پێی وایە، ئەم قسانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی بڵێین سیستەمی پیاوسالاری لە یەک کاتدا هەم ئیش لەسەر جەستە و هەمیش ناوەوە(دەروون) دەکات، ئەمەش لەڕێگای ئامرازە زەبتکارەکانییەوە.

٦- لەبەرئەوەی لەم سیستەمەدا باوک سەنتەرئاسا بڕیار دەردەکات و ئەوانی تر(ئافرەت - منداڵ) تەنها پراکتیزەکردنیان لەسەرە بێ هەڵوەستەکردن و پرسیارکردن و گفتوگۆکردن، ئەوا ئینتیمایەکی کوێرانە و گوێڕایەڵیەکی زۆر پتەوی نەوەکان بۆ باوک و سیستەمەکەی دروست دەبێت، ئەمەش سیستەمی باڵادەستیەکەی پتەوتر دەکات. لێرەوە ئینتیمای نەوەکان بۆ باوک و سیستەمە وابەستەکەی، باوک لە وێنەیەک و ئامادەیەکی جەستەییەوە و دەگۆڕێتەوە بۆ وێنەیەک و ئامادەییەکی رەمزی و مەعنەوی، واتا ئەگەر باوک ئامادەش نەبێت ئەوا یاسا و رێسا و دنیابینییەکانی لە لایەک، ئینتیمای ئەوانی تر لە لایەکیتر ئامادەییەکی بەردەوام بەباوک دەبەخشێت، کەتە لەم سیستەمەدا باوک وەکو سێبەر بەسەر سەری هەمووانەوەیە و چاودێریان دەکات و بەردەوام لە بوون و نەبوونیدا ئامادەیی هەیە. بەشێوەیەکی تر لەکۆمەڵگای باوکسالاریدا ئەو ویژدانەی کە لەئەنجامی پەروەردەکرنی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت و لەناوەوە چاودێری مرۆڤ دەکات، دەسەڵاتێکی دەروونی بەسەر مرۆڤەکەدا دەسەپێنێت و تیایدا رۆڵی ئەمرو نەهی باوکانە دەگێرێت ، لێرەوە پێویست ناکات باوک بەوانی تر بڵێت ئەوە بکەن و ئەوە مەکەن، بەڵکو ئەوان خۆیان بەمجۆرە هەڵسوکەوت دەکەن کە لێیان خواستراوە، بەکورتی لێرەدا منداڵ باوکی خستۆتە ناوەوەی خۆیەوە.

٧- هەروەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد یەکێک لەهۆکارەکانی دروستبوونی سیستەمی پاتریارکی

لایەنی ئابوورییــە، هەر ئەمــەش فــاکــتــەرێکی بەردەوامـــــبـــــوون و رۆح درێژبوونیـــــەتی، لەم سیـــستــەمــەدا ئابووری خـێـزان و تاک بەدەست باوکەوەیە، باوک بەوشێوەیەی بیەوێت مـامەڵەی ئابووریانە دەکـات، دەتوانێت لەگـەڵ نەوەکـانی بەخشندەبێت و شتیـان پێ ببەخشێت، بەهەمان شێوە دەتوانێت لەگەڵیـاندا نابەخشندەیی پیادە بکات و لەهەمـوو شـتـێک بێبـەشیـان بکات، بەخـشندەیی و نابەخـشندەیی.. مـیـهـرەبانی و نامیـهـرەبانی باوک بۆ منداڵ، دەوەسـتـێـتـە سـەر کـارکردن و ئەرک بەجـێـهـێنانەوە، ئەوە منداڵەی ئەرکەکانی بەتەواوی جێ بەجێ بکات و کارەکانی راپەڕێنێت، ئەوا دەکـەوێتـە بەر بەخـشـندەیی و مـیـهـرەبانی باوک، لە لایەنی ئابووریەوە ئاگـادار دەکرێت و فـەرامـۆش ناکرێت، بەپێـچـەوانەشـەوە راستـە. لەم سیستـەمەدا باوک ئەو کوڕەی خۆش دەوێت کـــە بەشـــێـــوەیەکی باش ئیش بۆ دەستـەبەرکردنی خواست و ئامانجەکانی دەکات، هەر ئەم کـوڕەش گـرنگی پێـدەدرێت و بەقـیـمـەت دەکرێت.

٨- گـوتمـان لەسـیـسـتـەمی پاتریارکـیدا هەمـوو شـتـێک بەپێی دنیـابینی و تێـفکرینی باوکـەوە بەڕێوەدەچێت، باوک یەکلایەنە بیردەکاتەوە و بڕیار و فەرمانی ڕەها دەردەکات، لەمەشدا بەپلەی یەکەم حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگـرێت، هەر بۆیە لەپێناویدا ڕسـتـێک یاسـا و ڕێسا و پرنسیپ دادەنێت کە دەبێت ئەندامانی تر پەیڕەوی لێبکەن، بەمـەش جۆرێک و سـتـایلێکی تایبـەتی ژیانکردن فـەرز دەکـات بەسـەر کـۆی ئەندامـەکـانی تری نێـو خێزان. لەم سیسـتـەمـەدا لەبەرئەوەی باوک بەپلەی یەک حەزە غـەریزەیی و خواست و پێـداویسـتـیـە تایبـەتیـەکـانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت بەبێ گـوێدانە حەز و خـواست و پێداویستییەکانی ئەوانی تر، لەبەرئەوەی ئەوانی تر لەخزمەتی خۆشگوزەراندنی خۆی بەکاردەهێنێت، لەم پێناوەشدا کـاری قورسـیـان پێدەکـات و دەیان چەوسـێنێـتـەوە، بەمـانایەکی تر ناعـەقـڵانیـانە و نالۆژیکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و بەکاریان دەهێنێت لەپێناو خـۆیدا. کـەتە باوک ڕێک ڕێک ئەو جـەســتـــەیەیە کـــە بەپێی حــەزە غـــەریزەیی و جەستەییەکانی خۆی رەفتار دەکات و کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەنتەری بڕیاردەری غەریزەوە. ئەمەش ڕێک ئەو (ئەو-ID) ەیە کـــە فـــرۆیدی زانا لەتیـۆرەکەی خۆیدا لە دەروونشـیکاری باسی لێـوە دەکات، فـرۆید لەتیـۆرەکـەیدا مرۆڤی پۆلینی سێ جـۆرە کـەسـایەتی کـردووە، (ئەو-ID)، (من-EGO)، (بـەرزە مـن-SUPER EGO)، هەر یەکـێـک لەم کـەسـایەتیـانە تایبـەتمەندی و سیـفـات گـەلێکی پێبـەخشـیـووە، لەتیـۆرەکـەیدا فـرۆیدی زانا کـەسـایەتی (ئەو-ID)ی تایبـەت کردووە بەمنداڵ و قۆناغی منداڵی و بیرکردنەوە و رەفتارکردنی منداڵیانەی مرۆڤ. مرۆڤ لەقۆناغی منداڵیـدا (ئەو) لەژێر کـاریگـەری ئەمـر و نەهی سەنتەری بڕیاردەری غەریزەدا هەڵسوکەوت دەکات، لەم قـۆناغـەدا مـرۆڤ خۆویسـتـانە مـامەڵەدەکات، بەردەوام بەدوای تێـرکـردنی حـەزە غـەریزەیی و خواسـتـە تەنهـاییـەکـانی خۆی دەگـەڕێت، بۆ ئەم مـەبەسـتـەش هیچ پەیوەندییـەکی بەواقـیـع و هەڵسوکەوتی لۆژیکیانە نییە، هیچ پەیوەندییەکی بەمـەنتـیق و عـەقـڵانی رەفـتـارکـردن نیـیـە، مـاقـوولـیـەت شـتـێک نیـیـە وجـوودی هەبێت و لەبەرچاوبگیـرێت، منداڵ لەم قـۆناغـەدا واقـیع دەهێنێـتـە ژێر باری حـەز و ئارەزووەکـانی خـۆی نەوەکـو خۆی بچێتە ژێر ئەمر و نەهی و ئەخلاقی واقـیـعـیـانە هەروەکـو ئەوەی لەقـۆناغـی (من EGO)دا هەیە.

منداڵ گـوێ بەکـەتواری کـۆمـەڵگا و دەورووبەر نادات، گـوێ بەحـەز و ئارەزوو و پێـداویسـتـی

ئەوانی تر نادات و بەهەندیشـیـان هەڵناگـرێت، هەموو ئەو دنیابینی و رەفتارانەی مرۆڤ لەقۆناغی منداڵێتی(ئەو)دا هەیە یا بەئەنجامی دەگەیەنێت، ئەوا بـاوک لەسـیـسـتـەمی پاتریارکـیدا پەیڕەوی لێـدەکـات.. بەمـانـایەکی تر بـاوک بەمــجـۆرە بیردەکاتەوە و دنیـا دەبینێت و رەفـتـار دەکـات کە مـرۆڤ لەقـۆناغی منداڵی (ئەو)دا هەیەتی، لەم سیستەمەدا باوک و منداڵ لەوێدا یەکدەگرنەوە کە هەردووانەیان بەمنداڵی دنیـا دەبینن و بەمنداڵیش حوکمی دەکـەن. هەرچەندە ئەم دووانە لەشوێنێکدا یەکتری دەگرنەوە، بەڵام جیـاوازیشیـان لەنێـواندا هەیە هەم لەڕووی تـەمـەن و هەمـیش لەڕووی هێزی جەستە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، باوک ئەو مرۆڤە بچووکەی نێـو قۆناغی منداڵێتی نییە دەسەڵاتی نەبێت، ئەوە نییە ئەمر و نەهیەکانی زۆر بڕنەکات و سنووردار بێت، بەڵکو وەکـو مـەرجـەعـێک دەسەڵاتداری گەورەیە، سیـستـەم بەڕێوە دەبات و بڕیار و فەرمانەکانی بێسنوور بڕ دەکات، دەتوانێت کۆمەڵێک یاسا و رێسا.. بکە و مەکە..حەڵاڵ و حەرام.. بەڵێ و نەخێر..دابنێت و ئەوانی تریش بەناچاری ملکەچی پەیڕەو لێکردنیان بکات، کەتە لەسیستەمی باوکسالاریدا جیاوازیەکەی باوک لەگەڵ منداڵ ئەوەیە باوک هێزی هەیە، دەسەڵاتی هەیە، بڕیار و فەرمانی بەدەستە، کە ئەمانە هیچی لە لای منداڵدا بوونی نییە. لەم سیستەمەدا باوک تێکەڵەیەکـە لەعـەقـڵی منداڵی و جـەسـتـەی گەورەیی، بەمـانایەکی تر بەفکر و جیـهـانبینی و رەفتـاری منداڵیی لە لایەک، بەجەسـتـە و هێز و تەمـەنی گـەورەیی لە لایەکی تر هەڵسـوکـەوت دەکات لەگەڵ واقیع، لەم سیستەمەدا ئەوە حەزی غەریزەیی و ئارەزووی منداڵانەیە جەستـەی باوک دەجـوولێنێ، هەر بۆیەش دەڵێین لەسـیـسـتـەمی باوکسالاریدا باوک بەمنداڵی حوکم دەکات. ئەگەر قـۆناغی منداڵی مـرۆڤ مـاوەیەکی زەمـەنی کـەم بخـایەنێت و ئیـدی نەمـێنێت و بەڕێگا جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییە بەرەو قۆناغێکی بەرزتر(من- ego e) بڕوات و ئیتر واقـیـعـیـیـانە و لۆژیکیـانە و کـۆمـەڵایەتیـانە رەفتاربکات لەگەڵ دەوروبەری خۆی و کۆمەڵگا، ئەوا باوک لەم سیستەمەدا بۆ تاهەتایە ئەم قۆناغی بەمنداڵی بیـرکـردنەوە و رەفـتـارکـردنە نابڕێت، بەردەوام نالۆژیکیـانە و ناواقـیـعـیـیـانە و ناهیـومـانیـانە رەفـتـار دەکـات لەگـەڵ دەوروبەر و کـۆمـەڵگا،(هەر ئەمـەش هۆکـارێکی رۆح درێژبوونەوەی ئەم سـیـسـتـەمـەیە لەمـێـژووی مرۆڤایەتیدا).دەسەڵاتدارێتی پیاو لەسیستەمی پاتریارکیدا پەیوەستە بەعەقڵی منداڵی مرۆڤ ، پیاو تاوەکو خۆی بەم عەقڵە و دنیابینییەکانی ئەم عـەقـڵە بارگـاوی کـردبێت، ئەوا ئەم سـیـسـتـەمـە بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگـەر پیـاو لەعـەقـڵی منداڵییەوە خۆی گواستـەوە بۆ عـەقڵی کـەسێکی واقیعبین و پێگەیشتوو، کەسێک بتوانێت ئەوانی تر وەکـو مـرۆڤ ببـینێت پێـداویسـتـی و ئارەزووەکـانیـان بەهەند هەڵبگرێت، ئەوا ئەم سـیـسـتـەمـە بەرەو نەمـان و لەناوچوون دەچێت، هەروەکو ئەوەی ئەنتوانێت فـۆک دەڵێت: (پیـاوان کـاتێ ئامـادەبن دەست لەم رۆڵەی خـۆیان هەڵگرن کە تێبگەن ئەم رۆڵە ئەمر و نەهیدەرەیان لەڕاستیدا رۆڵی منالێکی هەتا هەتاییە، دەست هەڵگرتن لە رۆڵی پیـاوی دەسـەڵاتدار لەواقـیـعـدا دەست هەڵگرتنە لە رۆڵی کـوڕێکی منالی نازپێـدراو..) (١٨). بەکـورتی رۆڵی پیـاو لەسـیـسـتـەمی پاتریارکیدا رۆڵی منداڵێکی ئەبەدییە لەواقیعێکی کـۆمـەڵایەتی دیاریکراودا، پیـاو منداڵێکە بەجەستەیەکی بەهێز، بۆیەکە بەعەقڵێکی کەم، چۆن منداڵ لەقۆناغی پەیوەستی خۆیدا ناکامڵ و نافـامـە، ناتوانێت بەشێـوەیەکی واقـیـعـیـانە و لۆژیکییانە سەیری کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی بکات،

ئاواش پیاو لەم سیستەمدا ناکامڵ و نافامە، ناتوانێت بەشێوەیەکی واقیعییانە و هیومانیانە مامەڵە لەگەڵ واقیع و دەورووبەر بکات.

* * *

**لایەنە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانی سیستەمی پاتریارکی**

بێگومان هەر سیستەمێکی ژیانکردنی ئینسانی لەهاتن و بەردەوامبوونیدا خاڵی نەبووە لە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، سیستەمی پاتریارکی (باوکسالاری دەسەڵاتگەرا)ش بەهەمان شێوە خاڵی نییە لەم دوولایەنە، هەرچەندە ئەمانەش ڕێژەیین و لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێن، هەروەها هەمان سیستەم لەشوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکی تر دەگۆڕێت و سەد دەرسەد هاوشێوە نین. لەم بەشەدا بۆئەوەی تووشی تێکەڵی و پێکەڵی نەبین هەوڵ دەدەین هەردووانەی لایەنی(پۆزەتیڤ - نێگەتیڤ) بەجیا باسی بکەین، سەرەتا باسی لایەنی پۆزەتیڤی دەکەین و دواتریش باسی لایەنە نێگەتیڤەکەی.

**لایەنی پۆزەتیڤی سیستەمی پاتریارکی**

سیستەمی پاتریارکی سەرەتایی هاتنەبوونی لەواقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بەشەریدا مەنتیقی خۆی هەڵگرتبوو، مەنتیقەکانیشی تارادەیەک هیومانی بوون و لەخزمەتی ڕێکخستنی ژیانی بەشەریدا، بەمانایەکی تر سیستەمی باوکسالاریی بۆ سەردەمانی سەرهەڵدانی تاڕادەیەکی زۆر پۆزەتیڤ بووە هەم بۆ خێزان وەکو بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی و هەمیش بۆ کۆمەڵگا. ئێمە هەوڵدەدەین لایەنە پۆزەتیڤەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە.

**یەکەم**: ئاشکرایە کە سیستەمی پاتریارکی هات ئەوا بەسەر سیستەمی ماتریارکیدا هاتوو(وەکو ئەوەی بەشێکی زۆر لەمێژوونووسان و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان جەغدی لێدەکەن)، لەسیستەمی ماتریارکیدا شتگەلێک و دیاردەگەلێک هەبوون کە تاڕادەیەکی زۆر ناعەقڵانی و نائینسانی بوون، لەوانە دیاردەی فرەمێردی و مەشاعیەتی سێکسی و بەڕەڵایی. ئەم سیستەمە کاتێک هات ئەم حاڵەتانەی نەهێشت، فرەمێردی گواستەوە بۆ یەک مێردی(ئەگەرچی فرەژنی هەبوو، بەڵام ئەمە جیاوازتر لە فرەمێردی)، لە فرەمێردیدا لەبەرئەوەی دایک (ژن) زیاد لەمێردێکی هەیە، لەبەرئەوەی موماڕەسەی زایەندی لەگەڵ زیاد لەپیاوێک دەکات، بۆ هیچ باوکێک بەتەواوی منداڵی خۆی ناناسێت، ئەمە حاڵەتێکی زۆر نابەجێ و ناڵۆژیکی بوو، کە سیستەمی پاتریارکی هات ئەم حاڵەتەی نەهێشت ، بەبوونی تەنها یەک مێرد بۆ ژنێک ئەوا ئیدی زانرا کێ وەچەی کێیە، یا کێ باوکی کێیە، لێرەوە ئەگەرچی لەسەرێکدا گرنگی ئەوەیە باوک وەچەی خۆی دەناسێت و پەیوەندی لەگەڵیدا دروست دەکات، ئەوا لەسەرێکی تردا گرنگیەکی تری هەیە ئەویش ڕێکخستنی زایەند و براکسیسکردنییەتی لەنێوان (نێر و مێ) کانی کۆمەڵگا. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت یەکێک لەگرنگترین خاڵە پۆزەتیڤەکانی سیستەمی پاتریارکی لەساتی هاتنەبوونیدا نەهێشتنی مەشاعیەتی سێکس و ڕێکخستنیەتی لەنێو کۆمەڵگا.

**دووەم**: لەسیستەمی ماتریارکی(دایکسالاری) دا، لەبەرئەوەی ژن لەگەڵ زیاد لەمێردێکدا براکسیسی زایەند دەکات و ئەمەش بەسروشتی خۆی بەرەو ئەوە دەچێت منداڵ باوکی ڕاستەقینە خۆی نەناسێت و بەپێچەوانەشەوە باوک منداڵی خۆی نەناسێت، کەتە لەم سیستەمەدا پەیوەندییەکی ناپتەو ناڕێک لەنێوان منداڵ و باوک بوونی دەبێت، ئەم پەیوەندییە ناپتەو و ناڕێکە لەسیستەمی باوکسالاریدا بەهۆی یەکترناسینی هەردوولا (منداڵ باوک) ئەوا سەد

دەر سەد پێچەوانە دەبێتەوە و دەگۆڕێت بەپەیوەندییەکی پتەو و ڕێک، خێزان لە سەردەمانی هاتنەئارای سیستەمی پاتریارکی تا ماوەیەکی زۆر پێویستی بەهێزێکی جەستەیی زۆر بوو بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە ژیارییەکانی خۆی، لەبەرئەوەی لۆژیکی ئەو سەردەم لۆژیکی هێز بووە، واتە هێز ئامرازی بەدەستهێنای پێداویستی ژیان و بەردەوامبوونی مرۆڤ بووە لەژیاندا، بەڵام ئەو هێزەش هەروا لەخۆڕا نایەت ئەگەر پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان منداڵ و باوکدا نەبێت، کەتە بوونی ئەم پەیوەندییە پتەو و ڕێکەی نێوان باوک و منداڵ ئەم هێزە ئامادەدەکات کە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خێزان پێویستە. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تردا بەیەکتر ئاشنابوونی منداڵ و باوک جۆرێک لەئینتیمای دووسەرە دروست دەکات، ئەمەش هێزێک بونیاد دەنێت کە بۆ بەرگریکردن لەخێزان بەردەوامبوونی پێویستە. کەتە خاڵێکی تری پۆزەتیڤ لەم سیستەمەدا دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕێکە لەنێوان باوک و منداڵ، ئەمەش هێزێک دروست دەکات کە بوونی پێویست و حەتمییە.

**سێیەم**: لە سیستەمی دایکسالاریدا لەبەرئەوەی ژن زیاد لەمێردێکی هەیە (دیارە ئەمە ڕێژەییە) ئەوا یەک ماڵ چەند پیاوێکی تیادا دەبێت، بەشێوەیەکی تر چەند پیاوێک سەر بەماڵێکی دیاریکراو دەبن، بەمەدا جۆرێک لەتێکەڵ و پێکەڵی لەئارادا دەبێت، بەڵام لەسیستەمی باوکسالاریدا لەبەرئەوەی دەبێت ژن تەنها یەک پیاوی هەبێت، پیاویش لەپاڵ خۆیدا مێردی تر (پیاو) قبوڵ ناکات، بۆیە پیاو ماڵی خۆی جیادەکاتەوە و سنوور دادەنێت. ئەم سنووردانانە وا دەکات خێزان بەتەواوی دیار بێت، بەمەش سیستەمی پیاوسالاری منداڵ و ژن و پیاوی لەپەرتەوازەیی و ناڕێکی قوتارکرد و فۆرمێکی تری بەخێزان بەخشی، ئەمەش خاڵێکی تری پۆزەتیڤە. لەڕاستیدا ئەگەر لەم سیستەمە زیاتر وردبینەوە ڕەنگە خاڵی پۆزەتیڤی تری هەبێت، وەلێ ئێمە لێرەدا بەوەندە دەوەستین.

### لایەنی نێگەتیڤی سیستەمی پاتریارکی

ئەگەر سیستەمی پاتریارکیی(patriarchal) لە زەمەنە سەرەتاییەکانی هاتنەبوونی لەواقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا لایەن گەلێکی پۆزەتیڤی تێدا بووبێت بۆ کۆمەڵگا و ژیانی بەشەرییەت، ئەوا لەهەمان کاتیشدا خاڵی نەبووە لە لایەنی نێگەتیڤی، واتا چۆن لایەنی پۆزەتیڤی تێدابووە ئەوا لایەنی نێگەتیڤیشی تێدابووە، واپێدەچێت سیستەمی پاتریارکی لەسەرەتادا لایەنە نێگەتیڤەکانی کەمتر دیار بووبێت و مرۆڤی ئەو سەردەم کەمتر هەستی پێکردبێت، بەڵام لە درێژبوونەوە و بەردەوام بوونیدا لایەنە نێگەتیڤەکانی وردە وردە ئاشکراتر و زەقتر و بەرچاوتر بووبێت. سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکی لێوانلێوە لە لایەنی نێگەتیڤی، لێرەدا هەوڵدەدەین بەرچاوترین لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم سیستەمە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**یەکەم**: لە بەشەکانی پێشەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە یەکێک لەهۆکار و فاکتەرە بەرچاوەکانی هاتنەئارا و بەواقیعبوونی سیستەمی باوکسالاری جیاوازیکردنی ڕەگەزی بووە لەنێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی(نێر و مێ)دا، ئەمەش لەسەر ئەساسی جیاوازی هێزی جەستەیی و فیزیکی ڕەگەزەکان بووە.

لەبەرئەوەی سیستەمی باوکسالاری جیاوازیکردنی ڕەگەزی لەنێوان نێر و مێیەکانی کۆمەڵگا زەق کردۆتەوە و هەمیشە وەکو وەسیلەیەک بەکاریهێناوە بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوەی، لەبەرئەوەی لەنێو سیستەمدا بەردەوام گرنگی زیاتر

بەنێردراوە، سەرجەم بڕیار و یاسا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگا لەخزمەت خۆشگوزەرانی ڕەگەزی نێر داڕێژراوە و لە قاڵب دراوە، لەبەرامبەریشدا ڕەگەزی مێ و ژیانی مێ فەرامۆشکراوە، لەبەرئەوەی لەم سیستەمەدا رستێک سیفات و خەسڵەتی جوان و پۆزەتیڤ بەنێر بەخشراوە لەوانە مەخلوقێکی عاقڵ و کامڵ و تێگەیشتووە، چالاک و بەهێزە، دەسەڵاتدارە و توانای بەڕێوەبردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خێزانی هەیە.. لەبەرامبەریشدا رستێک سیفات و خەسڵەتی دزێو و نێگەتیڤ دراوەتە پاڵ ڕەگەزی مێ ڕێک پێچەوانەی ئەمانەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکی ڕەگەزپەرستی و ناهیومانییە، چونکە مرۆڤایەتی تەسکدەکاتەوە سەر ڕەگەزی نێر.

**دووەم**: لەبەرئەوەی لەسیستەمی پیاوسالاریدا پیاو زاڵ و فەرز دەکرێت بەسەر ژندا، پیاو پلەیەک و ئافرەتیش پلە دوو، پیاو سەنتەر و ژنیش پەراوێز، پیاو گرنگ و ژنیش ناگرنگ دەکرێت، ئەمەش بەسروشتی خۆی دەچێتە سەر ئەرک و ماف، بەردەوام پیاو ڕۆڵ و مافی زیاترە لەژن، دەنگ و ڕەنگی زیاترە لەژن، لەبەرامبەریشدا مافی کەم بەژن بەخشراوە و چوارچێوەیەکی تەسک بۆ ئیشکردن و ڕۆڵگێرانی جێهێشتراوە، کەتە دەکرێت بڵێین سیستەمی پاتریارکی سیستەمێکی نایەکسان و نادادپەروەرە.

**سێیەم**: لەسیستەمی پیاوسالاریدا تەنها ئیرادە وحەز و ئارەزووی پیاو لەبەرچاو دەگیرێت، هی ئەوانی تر(ئافرەت.. منداڵەکان ) دەچەپێنرێت، ئەم چەپاندنە لەدەرەنجامدا مرۆڤی ناتەندروست بەرهەم دەهێنێت، مرۆڤێک لێوانلێو لەگرێی دەروونی، لەهەڵچوون و ڕق و کینە، مرۆڤێک بەردەوام پرسی تۆڵەسەندنەوەی لەهزردایە، بۆیە دەشێت بڵێین سیستەمی پیاوسالاری کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی ناتەندروستە.

**چوارەم**: لەبەرئەوەی لەم سیستەمەدا باوک خاوەنداریێتی دەکات و ئەوانی تر(منداڵ و ژن) بەمومتەلەکاتی خۆی دادەنێت، بەمەش ئەوانی تر لەمرۆڤایەتی خاڵی دەکاتەوە و شوناسی کەلوپەلبوون و ئامێربوونیان پێدەبەخشێت، بەمانایەکی تر باوک وەکو مرۆڤ سەیری ئەوانی تر ناکات و هەوڵدەدات وەکو ئامێرێک بەکاریان بهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی خواست و ویستە تەنهاکانی خۆی، بۆیە دەشێت بڵێین ئەمە سیستەمێکی نائینسانی و ناعەقڵانییە.

**پێنجەم**: لەبەرئەوەی باوک لە هەمی پاراستنی دەسەڵات و هەرچی زیاتر قایمکردنی شوێن پێیەتی، لە هەمی فراوانکردنی هەیمەنییەتی، لە هەمی کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تردایە، بۆ ئەوەی جۆرێک لەژیان بژێت کە بەستەی تێرکردنی ویست و ئارەزووە تەنهاکانی ئەوە، بۆیە هەردەنگێک و ڕەنگێکی نوێ بۆ هێنانەئارای جۆرێکی تر و سیستەمێکی تری ژیانکردن جیا لەوەی باوک دەیخوازێت و فەرزی کردووە، ئەوا یەکراست هەوڵی خنکاندن و سڕینەوە و لەناوبردنی بۆ دەدرێت، بەمەش دەتوانین بڵێین سیستەمی پاتریارکیی سیستەمێکی ئیرادەکوژە.

واتێدەگەم ئەگەر زیاتر لەم سیستەمە وردبینەوە ئەوا ڕەنگە خاڵ و لایەنی نێگەتیڤی تر تیایدا بدۆزینەوە، وەلێ ئێمە لێرەدا بەوەندە دەوەستین.

* * *

**سەرەنجامی سیستەمی پاتریارکی**

سیستەمی پاتریارکی لەهاتنەبوونیدا هۆکارگەلێکی یارمەتیدەر ئامادەیی هەیە، یەکێک لەگرنگترین و کاریگەرترین هۆکار بوونی ئایدیای جیاوازی کردنی ڕەگەزییە، واتا بوونی ئایدیای ڕەگەزپەرستییە لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام ئەم

ئایدیای رەگەزپەرستیە هەروا و لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو ئەویش بۆخۆی لەدەرەنجامی بوون و ئامادەیی کۆمەڵێک هۆکار لەواقیعێکی دیاریکراو و لەسەرزەمینێکی تایبەت و لەجۆرێک ژیانی تایبەت هاتۆتەئاراوە(هەروەکو ئەوەی پێشتر رووغان کردۆتەوە). ئایدیای جیاوازیکردنی رەگەزی کۆمەڵێک سیفاتی دزێو و نێگەتیڤی بەرەڤەزی مێ لکاندووە، وێنەی ناشایستە و شێواوی بەرەگەزی مێ بەخشیوە و لەنەخشەی زەینی تاکەکانی کۆمەڵگا وێناندی نائینسانی دروست کردووە، لەبەرامبەر ئەمانەش دنیایەک سیفاتی جوان و پۆزەتیڤی بەرەگەزی نێر بەخشیوە، ئایدیای جیاوازیکرنی رەگەزی چەندە هۆکاری بونیادنان و بەواقیعکردنی سیستەمی پیاوسالاریی بێت، ئەوا هێندەش هۆکاری درێژبوونەوە و بەردەوام بوونیەتی.لێرەوە دەکرێت بڵێین بوونی سیستەمی باوکسالاریی دەسەڵاتگەرا ڕاستەوانە هاوڕێژەیە لەگەڵ ئایدیای رەگەزپەرستی ئینسان، تاوەکو ئایدیای رەگەزپەرستی لەئارادا بێت لەنێو کەتواری ژیاندا کاریگەر بێت بەسەر تێفکرین و دنیابینی مرۆڤەکان، ئەوا سیستەم بوونی دەبێت، تاوەکو ئایدیای رەگەزپەرستی لەبوونیدا درێژبێتەوە و خۆی نوێ بکاتەوە، ئەوا سیستەم درێژ دەبێتەوە و خۆی نوێ دەکاتەوە، کەتە بوونی سیستەم ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەبوونی فکرەی رەگەزپەرستییانەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا.

بوونی سیستەم لەکەتوارێکدا رەنگە زەروور بێت بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی، بەڵام لەمەشدا هۆکار و فاکتەری یارمەتیدەر هەبووە، بەڵام بەنەمانی ئەو هۆکار و فاکتەرانە و گۆڕانیان ئیدی واقیعیش دەگۆڕێت، یا بەپێچەوانەوە بەگۆڕینی واقیع هۆکار و فاکتەرەکان رۆڵیان نەمێنێت لە دروستکردنی سیستەم، لەمەشەوە دیدگا و تێڕوانین مرۆڤەکان سەبارەت بەچۆنییەتی ژیانکردن دەگۆڕێت، سەرەنجام سیستەمی زاڵ و باوی ژیانکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

کاتێک سیستەمی پاتریارکی سەرهەڵدا کۆمەڵگای بەشەری واقیعێکی تاڵ و بارودۆخێکی نالەبار دەژیا، دەستەبەرکردنی پێداویستییە رۆژانەییەکانی بەگران دەست دەکەوت(لەمەدا پشتی بەهێزی جەستە دەبەست)، جگە لەمە کۆمەڵگا خاوەنی کولتورێک و شارستانییەتێکی دواکەوتوو بوو، ئامێری کارپێکردن و بەکارهێنانی زۆر سادە و سەرەتایی بوو، مرۆڤ خاوەنی فکرێکی واپێشکەوتوو نەبوو بتوانێت ئامێر و کەرەستەی نوێ دروست بکات، تاوەکو یارمەتی بدات بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی، هەروەها بوونی واقیعێکی شەڕانگێزی و کاولکاریی.. بوونی هێرش کردن و کوشتن و لەناوبردنی یەکتری ئینسانەکان هێندەی تر واقیعەکەی تاڵتر کردبوو(دیسان لەمەشدا مرۆڤ پشتی بەهێزی جەستە دەبەست)، بوونی ئایین و ئایدیا و تێڕوانینە ئایینییەکان و ئەفسانە ئایینییەکان لەبارەی ئافرەت و بەخراپەکار و کەم عەقڵ راڤەکردن و پیشاندانیان، ئەمانە و چەندێکی تریش کە هۆکاری راستەوخۆی سەرهەڵدانی سیستەمی پیاوسالارین، ئەوا پەیوەستن بەواقیعێکی تاڵ و کولتورێکی دواکەوتوو. بەکورتی بوونی سیستەمی پاتریارکی پەیوەستە بەبوونی کولتورێکی دواکەوتوو، پەیوەستە بەبوونی دیدێکی رەگەزپەرستانەی کۆمەڵگا، نەمان و گۆڕانیشی پەیوەستە بەنەمان و گۆڕانی کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگا، پەیوەستە بەبوونی دیدێکی هیومانیانەی کۆمەڵگا.لێرەوە دەتوانین هاوکێشەیەکی گشتگیر بخەینەڕوو بۆ سیستەمی پاتریارکی ئەویش " سیستەمی پاتریارکی لەگەڵ جیاوازیکردنی رەگەزی (رەگەزپەرستی) راستەوانە هاوڕێژەیە و لەگەڵ

دیدی هیومانی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و شارستانییەت بوونی پێچەوانە هاورێژەیە".

بەپێی ئەو هاوکێشەیە سەرەوە ئایا سەرەنجامی سیستەمی پاتریارکی چی بەسەر دێت؟ ئایا ئەگەر حوکمی وردە وردە نەمان و لەناوچوونی بدرێت دەشێت راست دەربچێت؟ یا پێچەوانەکەی راستە و حوکمەکە هەڵە دەبێت؟

ئەگەر سەفەرێکی کورتخایەن بەناو رابووبۆچون و تیۆرەکانی هزرمەندان و سۆسیۆلۆژیستان ئەنترۆپۆلۆژیستان بکەین (کە لێرەدا بواری ئەوە نییە)، ئەوا ئاشکرا دەبێت کە زۆربەیان جەختیان لەسەر حەتمیەتی بەرەوپێش چوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگا کردووە، لەسادەییەوە بەرەو ئاڵۆزیی.. لەسەرەتایی ودواکەوتوویییەوە بەرەو پێشکەوتووی.. لەگوندییەوە بەرەو شارستانی.. ئەمانەش دەتوانین بەروونی لە راوبۆچوون و تیۆرەکانی ئیبن خەلدون، ئۆگست کۆنت، هربرت سبنسر، ئەمیل دۆرکهایم..ئەوانی تر بدۆزینەوە. (هربرت سبنسر) لەتیۆرەی گەشەسەندنی کۆمەڵگادا کە لەسەر فکرەی بەرپژووچوون (ارتقا)و دایرژتووە پێی وایە کۆمەڵگای بەشەری بەردەوام بەرەوپێش دەچێت ئەگەر هەر رێگریەک و لەمپەرێک لە لایەن مرۆڤەکان دروست بکرێت بەمەبەستی نەهێشتنی روودانی ئەم بەرەوپێش چوونە ئەوا هەر سەرکەوتوو نابێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چونکە ئەمە کاتی دەبێت و کۆمەڵگا هەر بەرەوپێش دەچێت، لەم تیۆرەیدا سبنسر پێی وایە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا شتێکی حەتمییە، جگە لەمە دامەزرێنەری نادیاری زانستی کۆمەڵناسی (ئیبن خەلدون) باسی ئەوە دەکات، کۆمەڵگا لەحاڵەتی گوندنشینی لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەندا بەرەو حاڵەتی شارنشینیی و شارستانی دەڕوات، واتا ئەویش درک بەو پێشوەچوونەی کۆمەڵگا دەکات و جەختیشی لێدەکات.. بەهەمان شێوە (ئەمیل دۆرکهایم)ی فەرەنسی خۆی لەقەرەی ئەم پرسەیە داوە و جەخت حەتمیەتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای بەشەری دەکات. جگە لە راوبۆچوونی ئەم سۆسیۆلۆژیستانە ئەوا بەشێک لە ئەنترۆپۆلۆژیستەکانیش جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەنەوە بەتایبەتی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی قوتابخانەی گەشەسەندنی شارستانییەتەکان. هەروەها ئەگەر وردبینانە سەرنج بدەینە مێژووی نووسراو و بەپەرکراوی مرۆڤایەتی ئەوا دەبینین زۆربەی مێژوونووسان راستی ئەم حوکم و تیۆرانەی سۆسیۆلۆژستان و ئەنترۆپۆلۆژیستان دووپات دەکەنەوە، بەوەی کولتووری مرۆڤایەتی بەرەوپێش چووە، کۆمەڵگاکان گەشەیان سەندووە (دیارە ئەمە رێژەییە). لێرەوە پرسیارێک دێتەئاراوە ئەویش ئایا گەشەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا چ پەیوەندییەکی بەسەرەنجامی سیستەمی پاتریارکی هەیە؟ بێگومان بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان دەبێتە هۆی نەهێشتن و لەناوبردنی سیستەم، ئەگەر سیستەمی پاتریارکی لەبوونیدا پشتی بەهۆکارگەلێک بەستبێت ،ئەوا بەرەوپێشچوونی کومەڵگا و بەشارستانییەت بوونی بواری مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم هۆکارگەلانە ناهێڵێت، بەمەش بواری مانەوە و بەردەوامبوونی سیستەم ناهێڵێت. ئەگەر سیستەمی پاتریاریکی لەسەر ئەساسی جیاوازیکردنی رەگەزی هاتبێتە ئاراوە، ئەوا لە بەشارستانییەتبوون و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا ئەم جیاوازیکردنە مەوداکانی تەسک دەبێتەوە، بەمەش سیستەم بەرەو نەمان دەچێت. ئەگەر سیستەمی پاتریارکی لەهاتنیدا هۆکارێکی ئابووری هەبێت بەوەی پیاو دەتوانێت لەرێگای هێزی جەستەوە پێداویستییە ژیانییەکانی خێزان دەستەبەربکات، ئەوا لە بەرەوپێشوونی کۆمەڵگا و

بەشارستانیبوونی رەوشەکە بەم شێوەیە نییە، لەمەدا نەوەکو هەر پیاو بەڵکو ئافرەتیش بەئاسانی دەتوانێت پێداویستییە ژیانییەکانی خۆی و خێزانیش دەستەبەربکات، چونکە بەرەوپێشچوون و بەشارستانی بوونی کۆمەڵگا واتا بەپیشەسازی بوونی کۆمەڵگا، لەبەپیشەسازی بوونی کۆمەڵگادا ئیشکردنی مرۆڤ دەوەستێتە سەر هێزی ئامێری تەکنۆلۆژیی، واتا مرۆڤ ئامێری تەکنۆلۆژی بەکاردەهێنێت بۆ ئیشکردن نەوەکو هێزی جەستەیی، لێرەوە هێزی جەستەیی ئەم بایەخ و رۆڵەی پێشتری نابێت، کاتێک ئیشکردن چووە سەر هێزی ئامێری تەکنۆلۆژیی، ئەوا ئافرەتیش دەتوانێت چالاکانە بەشداری کارکردن بکات بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خێزان، کەتە ئافرەتیش دەتوانێت بەشداری لە لایەنی ئابووری خێزان و خۆبەرێوەبردنی خێزان بکات، لێرەوە هۆکاری ئابووری کە یەکێک بوو لەهۆکارەکانی هاتنە ئاراو بەردەوامبوونی سیستەمی پیاوسالاری بواری بەردەوام بوونی نامێنێت، بەمەش سیستەمی پیاوسالاری بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچێت. ئەگەر هۆکارێکی سیستەمی پاتریارکی بوون و پاڵپشتی کردنی ئایدیای رەگەزپەرستی و جیاوازیکردنی رەگەزی بێت لەنێوان مرۆڤەکان، ئەوا لەئەنجامی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و هاتنە ئارای کۆمەڵێک تێروانین و دیدگای فەلسەفی و ئینسانی تازەوە ئەوا سیستەم بەرەو بێهێزی و لەناوچوون دەچێت، لەمێژووی بەشەریدا کاریگەرترین ئەو فکرە فەلسەفییەی کە راستەوخۆ رۆڵی گێرابێت بۆ لەناوبردنی ئەم سیستەمە ئەوا فکری فەلسەفی مارکسی بووە، ئایدیای مارکسی زەبرێکی کوشندەی لەئایدیای فەلسەفی (ئەرستۆ و جون لۆک.. هتد) داوە کە بەشدارییەکی کاریگەر و راستەوخۆیان هەبووە لەبونیادنان و بەردەوامبوونی سیستەمی پاتریارکیی. فکرەی مارکسی جیاوازی رەگەزی نێوان ئینسانەکانی زەق کردەوە و بەشتێکی پووچ و بێبنەمای لەقەڵەم داوە، هەر بۆیە وەکو بناغەیەک بۆتە هۆی هاتنەئاراو دامەزراندی کۆمەڵێک بزاڤ و رێکخراوی ئینسانی کە بەرگری لەماف و ئەرکەکانی رەگەزی مێ دەکەن.

لە بەرەوپێشچوونی ژیانی بەشەرییەت کۆمەڵێک پرس و دەرکەوتە قسەی خۆیان هەیە لەسەر سەرەنجامی سیستەمی پاتریارکی لەوانە بوونی فێمێنیزم( feminism) بزاڤی بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەت، پرسی دیموکراسیی و یەکسانیی، پرسی جیهانگیری و مافی مرۆڤ .. ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ کورتبوونەوەی تەمەنی سیستەمی پاتریارکی و لەناوچوونی. لەهەموو ئەمانەی سەرەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سیستەمی پاتریارکی سەرەنجامی نەمان و لەناوچوون دەبێت، ئەمەش رێژەییە و لەشوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکی تر دەگۆڕێت.

*   *   *

**ئەنجامگیری**

سیستەمی پاتریارکی لە سەردەمێک و زەمەنێکی مرۆڤایەتی دروست بووە، تیایدا باوک خاوەنی دەسەڵاتی رەها بووە، ژیانی خێزان و کۆمەڵگا بەپێی حەز و ویستەکانی ئەو بەرێوە چووە، ئەم سیستەمە لەسەر جیاوازیکردنی رەگەزی واتا ئایدیای رەگەزپەرستی دروست بووە، لەسەر فەرزکردنی نێر بەسەر مێدا دروست بووە، هەر بەمەش بەردەوامی بەخۆیداوە، ئەم سیستەمە لەهاتنیدا هۆکارگەلێک ئامادەییان هەیە، ئەم سیستەمە سروشت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە،

کۆمەڵێک سیفات و خەسڵەت، کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەها و ئەخلاق و نۆرمی تایبەتی هەیە، هەروەها ئامرازی زەبتکردنی تایبەتی هەیە، ئەم سیستەمە کۆمەڵێک لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، ئەم سیستەمە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بەشارستانیبوون و پیشەسازیبوونی کۆمەڵگا بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

*باخۆڤن- یۆهان یەعقوب (١٨١٥-١٨٨٧) مێژوونووس و مافپەروەری سویسری، خاوەنی کتێبی (مافی دایک).

** ماکلێنان-جۆن فرگسۆن (١٧٨٢-١٨٨١) مێژوونووس و مافپەروەری بۆرجوازی ئیسکوتلەندی، نووسەری توێژەرەوەیە لە مێژووی کۆن و هاوسەرگیری سەرەتایی خێزان.

(١) بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە : (اصل العائلەو الملکیە الخاصەوالدولە)ی فریدیک ئەنگلس.

* مۆرگان - لویس هینری (١٨١٨-١٨٨١) زانای بەناوبانگی ئەمریکی مێژوونووس لەمەیدانی کۆمەڵگای سەرەتایی.

(٢) ئەریک فرۆم، بەناوی ژیان، ل ٧٧-٧٨ ، و: ئازاد بەرزنجی.

(٣) وتوێژ لەگەڵ گێردا لێرنەر، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٧٣، ل ١٤١، و: شوان حەمەخان.

(٤) ئەریک فرۆم، بەناوی ژیان، ل ٧٨، و: ئازاد بەرزنجی.

**** گێردا لێرنەر پسپۆر لەبواری مێژوو و توێژینەوەی مێژووی ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی کۆن- خاوەنی کتێبی(سەرهەڵدانی باوکسالاری، سەرهەڵدانی ئاگایی فێمێنیزم، ژنان لە ئەمریکای سپی..هتد).

(٥) وتوێژ لەگەڵ گێردا لێرنەر، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٧٣، ل ١٣٨، و: شوان حەمەخان.

(٦) بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە: زیرەک عەبدوڵلا، گوتاری پیاوبوون، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە ٣١.

(٧) ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، کتێبی (جون لوک والمرأە)، و: ئەژین عەبدولخالق.

(٨) هەمان سەرچاوە.

(٩) هەمان سەرچاوە .

(١٠) معن خلیل عمر، تاریخ فکر الإجتماعی، ل ٦١.

(١١) (ملیحە عونی القصیر- صبیح عبدالمنعم احمد) سۆسیۆلۆژیای خێزان، و: سابیر بۆکانی.

(١٢) ئەریک فرۆم، بەناوی ژیان، ل ٥٣، و: ئازاد بەرزنجی.

(١٣) قورئانی پیرۆز، سورة النساء، ل ٨٥ ، ئایەتی ٣٤.

(١٤) ڕێبوار سیوەیلی، مێژووی هزری کۆمەلایەتی، ل ٥٤.

(١٥) بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە بگەڕێوە بۆ: زیرەک عەبدوڵلا، گوتاری پیاوبوون، گۆڤاری بیری نوێ، ژمارە ٣١.

(١٦) مەریوان وریا قانع، دەسەلات و جیاوازی.

(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٨) گفتوگۆ لەگەڵ ئەنتوانێت فۆک، کتێبی لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوا، ل ٢١٠، و: ئازاد بەرزنجی.